کورتەیەک لەسەر

ناسخ و منسوخ

پێناسەکەی و جۆرەکانی
وبەشەکانی ئەم زانستە

نووسەر :
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی
(شارەزووری) حفظه الله تعالی

ئامادەکردنی : الحق

١٤٤٧هـ

بسم الله الرحمن الرحيم

کورتەیەک لەسەر

ناسخ و منسوخ

پێناسەکەی و جۆرەکانی
وبەشەکانی ئەم زانستە

نووسەر :
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی
(شارەزووری) حفظە اللە تعالی

١٤٤٧ هـ

پێرست

بـــابەت	لاپەڕە
نسخ بەواتـای چی یەت ؟	٣ - ٥
پـێناسـەی نەسخ لەشـەرعدا	٦
بـەشەکـانی نەسخ	٧ - ١٤
جۆرەکانی نەسخ	١٥ - ١٩
چی کاتێ نەسخ ڕووئەیات واتا ئەوترێ ئەم دەقــە سڕاوەتەوە ؟	٢٠ - ٢٩

ناسخ و منسوخ زانستێکـه هەرکەس شارەزای بێت
ئەوا زانستێکی گەورەی وەرگرتووە

ابنِ عباس رضي الله عنه لەتەفسیری ئایەتی { يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ } [سورة البقره آية ٢٦٩]

الله تعالى دانایی و حیکمەت ئەیدا بەهەرکەسێ خۆی بیەوێ بەهەر کەسیش حیکمەت و زانایی بات ئەوا ئەوکەسە خێرو چاکەیەکی زۆری پێ دراوە دەرگای دونیاو قیامەتی لێ والآ کراوە خاوەن بیرو هوشمەندان نەبێ کەسانی تر لەو بەهرەیە تێ ناگەن

ابن عباس ئەفەرموێت : يعني المعرفة بالقرآن ناسخه ومنسوخه ومحكَمه ومتشابهه، ومقدَّمه ومؤخَّره، وحلاله وحرامه، وأمثاله.

[تفسير ابن جرير الطبري 5/576]

واتا ناسینی بەبەقورئان پێ ئەبەخشێت ناسخ ومەنسوخی قورئان وموحکەم ومتشابهەکا نی وە کاتی دابەزینی ئایە تەکان کامەی پێشتر دابەزیوە کامەی دوواتر دابەزیوە وەحەڵاڵ وحەرامەکانی و ئەو نمونانەی کەلەقورئان هێنراونەتەوە .

السیوطي ئەفەرموێت : قال الأئمة لا يجوز لأحد أن يفسِّر كتابَ الله إلا بعد أن يعرف منه الناسخ والمنسوخ. [الإتقان: 2/55]

واتا : پێشەوایانی دین وتویانە دروست نیە بۆهیچ کەسێ ڕاڤەی کتاب ی الله تعالی بکات تەنها پاش ئەوەنەبێت کەناسخ ومەنسوخ ی قورئان شارەزابێت .

نسخ بەواتای چی یەت؟

ويأتي بمعان: الإزالة والإبطال والنقل والإثبات والتحويل والتبديل.

بەواتای سڕینەوە و پوچەڵکردنەوە و نەقڵکردن و گواستنەوە وگۆڕین یەت.

واتای یەکەم بەمانای سڕینەوە

الراغب لە المفردات ئەڵێت : النَّسخ: إزالة شيء بشيء يتعقبه كنسخ الشمس الظل والشيب الشباب. [المفردات 490]

واتا : نەسخ واتا لادانی شتێک بە شتێکی تر کە بەدوایدا دێت وەک سڕینە وەی سێ بەر بە هۆی خۆر ەو ە و سڕینە وەی گە نجی بەهۆی پیربوونەوە.

واتای دووەم نەقڵکردن وجێگیرکردن

وەک نەقڵکردنی نوسراوێک بۆسەر پەڕەیەکی تر پێی ئەوترێت (نسختُ الكتاب) کتێبەکەم نەسخ کرد یان لەبەرگرتەوە ئەگەر ئەو دەقانەی

لەنوسراوەکە هەیە نەقڵی بکات بەجۆرێک هەمان دەقەکانی وەک خۆی نەقڵ کردبێت ئەمە پێی ئەوترێ نەسخ کردن وە بەمانای جێگیرکردن دێت

الراغب ئەفەرموێت : (ونسخ الكتاب: نقلُ صورته المجردة إلى كتاب آخر، وذلك لا يقتضي إزالة الصورة الأولى، بل يقتضي إثبات مثلها في مادة أخرى)

نەسخکردنی کتاب بریتیە لەگواستنەوەی وێنەی تەواوی نوسراوەکە بۆ ناو کتێبێکی تر ئەم جۆرە نەسخ ە وا پێویست ناکات کەوێنەی یەکەم لە کتێبی یەکەم بسڕێتەوە بەڵکو داخوازی ئەوە ئەکات جێگیرکردنی هاوشێوەی ئەو نوسینەیە لەکتێبێکی تردا.

نەسخ بەواتای تحویل (گواستنەوە) وەکو پشکی میرات بەواتای گواستنەوەی میرات لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

پێناسەی نەسخ لەشەرعدا

ئیمام ی شەوکانی رحمه الله تعالی ئەفەرمۆێت : بریتیە لە لادان و هەڵگرتنی حوکمێکی شەرعی بە حوکمێکی تری هاوشێوەی خۆی وە حوکمی دووەم دوای حوکمی یەکەم دابەزی بێت [إرشاد الفحول2/52]

نەسخ لەقورئاندا جێگیرە ئەوەی نەسخ ئەکات الله تعالی ە قال الله تعالی : {مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا ۗ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} [البقره آيه ١٠٦]

ئێمە لەقورئاندا هەر ئایەتێک بسڕینەوەو لەکاری بخەین یان فەرامۆشی بکەین ئەوە ئایەتێکی چاکتر یان هەروەکو ئەو ئەخەینە جێگەکەی ئایا نەتزانیوە کەالله تعالی بە سەر هەموو شتێکدا بەتوا ناو دەسەڵاتدارەو هەرچیش ی بوێت ئەیکات .

بەشەکانی نەسخ

بەشی یەکەم // ئیسلام هەموو شەریعەتەکان ی پێش خۆی سڕیوەتەوە

الزركشي ئەڵێت : (شريعة نبينا محمد ﷺ ناسخة لجميع الشرائع بالإجماع)

شەریعەتی پێغەمبەرمان محمد ﷺ هە موو شەریعەتەک انی تری سڕیوەتەوە بەئیجماع.

بەشی دووەم // نەسخ لەناو شەریعەتی ئیسلام ئەمەش یان ئەوەیە جێگرەوەیەکی بۆدائەنرێت کاتێ حوکمی ئەسڕێتەوە یان بەبێ جێگرەوە واتا کاتێ الله تعالى حوکمێ شەرعی ئەسڕێتەوە یان لەشوێنیدا حوکمێ تر دائەنێت جایان ئەوەیە حوکمێکی شەرعی سڕیەوە وحوکمێ تری خستە جێگەکەی یان ئەیسڕێتەوە بەبێ دانانی حوکمێک بۆجێگەکەی کە ئەمەش چەند جۆرێکە.

یەکەم // سڕینەوەی حوکمێک ودانانی حوکمێکی تر لەجێگەکەی ئەمەش ئەوەیە یان حوکمە تازەکە قورسترە لەحوکمی پێشوو یان سوکترە یان یەکسانە

نمونەی سڕینەوەی حوکمێک بەحوکمێکی تر بەڵام یەکسانن لەڕووانگەی قورس وئاسانیەکەیدا ابن عباس رضي الله عنهما ئەفەرموێت یەکەم شت لەقورئان نەسخ بوو دەربارەی قیبلە بوو

قال تعالى : { وَلِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ } [البقرة: 115]

پێغەمبەر ﷺ ڕووی لەبیت المقدس ئەکرد ونوێژی ئەکرد وازی هێنا لەڕووکردنە کەعبە پاشان ڕووی گێڕا بەرەو کەعبە چونکە الله تعالى فەرمانی کرد

{ وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ } [البقرة: 150]

تۆ له هەر شوێنێک دەرکەوتی ئەبێ له نوێژدا ڕوو لەکەعبە بکەیت دڵنیاشبە ڕووکردنە کەعبە ڕاست و دروستەو له لایەن پەروەردگارتەوە بڕیاردراوەو لەو کاروکردەش ئێوە دەیکەن هەرگیز الله لێی بێ ئاگا نیە.

دووەم // نەسخ بۆحوکمێکی ئاسانتر لەحوکمی یەکەم

ئایەتی یەکەم : {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ } [الأنفال: 65]

ئەی پەیامبەر! ﷺ هانی باوەڕدارەکان بە بابچنە جەنگ ئەگەر ئێوە بیست کەسی خۆ ڕاگرتان هەبێ لەم قۆناغەدا دەشێ بەسەر دووسەد کەسدا زاڵ بن (واتا یەک موسڵمان بەرامبەر بەدە کەس له کافران) هەروا ئەگەر سەد

کەسی خۆڕاگرتان هەبێ ئەوا بەئیزنی الله زاڵئەبن بەسەر هەزار کەسی کافردا چونکە ئەوانە خەڵکانێکی تێ نەگەیشتوون

ئەم ئایەتە بەئایەتی دوای خۆی حوکمەکەی نەسخ بویەوە الله تعالی فەرمووی : { الْآنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنْكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا فَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوا أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ }[الأنفال: 66]

ئێستا الله تعالی کاری بۆ ئاسانکردن و زانی کەوزەو دەسەلاتتان کەمەو کز ولاوازن جا ئەگەر سەد کەسی خۆراگرو بە ئارامتان هەبێ دووسەد کەسیان لێ ئەبەزێنن خۆ ئەگەر یەک هەزار کەسی خۆڕاگرتان هەبێ دووسەد کەسیان لێ ئەبەزێنن خۆ ئەگەر یەک هەزار کەسی خۆ ڕاگرتان هەبێ ئەوا بەفەرمان و بڕیاری الله دووهەزار کەسیان ئەبەزێنن الله تعالی ش لەگەڵ خۆڕاگرانە

کەواتا حوکمی ئایەتی دووەم ئاسانترە لەچاو حوکمی ئایەتی یەکەم

نمونەیەکی تر ئیمام ی ابن جرير الطبري رحمه الله تعالى له ابن عباس گێڕاویەتیەوە لەبارەی ئایەتی : { أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ} [البقره : ١٨٧] چوونە لای ژنانتان و تێکەڵاوی کردن لەگەڵیاندا لە شەوانی ڕەمەزان بۆتان ڕێگەی پێدرا.

ابن عباس ئەفەرموێت : پێشتر موسڵمانان لەمانگی ڕەمەزان دا کەنوێژی عیشایان کردبایە خواردن وچونە لای ژنەکانیان لێ قەدەغەبوو پاشان هەنێ لە موسڵمانان

خواردن وچونە لای هاوسەرەکانیان توش بوو لەوانەش عومەری کوڕی خەطاب بۆیە هاتن بۆلای پێغەمبەر ﷺ باسی حاڵی خۆیان بۆئەکرد الله تعالى ئەم ئایەتەی دابەزاند : { عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَخْتَانُونَ أَنْفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنْكُمْ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ } [البقرة: 187]

بەراستیی الله تعالی بۆ خۆی ئەیزانی کە ئێوە هەرگیز خۆتان پێ ناگیردرێ و ئەو سنوورە ئەشکێنن و لەگەڵ خێزانەکانتانا دروست ئەبن بۆیە بەو پەشیمان بوونەوەو تۆبەی لێ وەرگرتن لێشتان خۆش بوو ئیتر هەر لە ئێستاوە ئازادن و ئەتوانن بچنە لایان

{ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ } [البقرة: 187] بەدرێژایی شەوگار بخۆن و بخۆنەوەو بچنە لای خێزانەکانتان هەتا ئەوکاتە سپیایی دەمەو بەیان لە نێو هەودای ڕەشی شەو لە رۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێ و جیا ئەبێتەوە

سێهەم // نەسخ بۆ حوکمێکی قورستر وەک قەدەغەکردنی ئارەق کەسەرەتا حەڵاڵبوو دوواتر بەچەند قۆناغێ حەرام کرا تاحەرامکردنی بەیەکجاری وحەد لێدان لەئارەق خۆر

چوارەم // نەسخ بەبێ جێگرەوە

قال الله تعالى { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ ۚ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ } [المجادلة : ١٢]

ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! کاتێ ویستتان چپەیەک و قسەیەکی نهێنی لەگەڵ پەیامبەردا ﷺ بکەن ئەبێ پێش ئەو چپەیەتان صەدەقەیەک و خێرێک بکەن ئەو خێرو صەدەقەیە چاکترەو پاکترە بۆتان خۆ ئەگەر شتێکتان دەست نەکەوت بیکەن ە صەدەق ە بەراستی الله تعالى گوناهپۆشی میهرەبانە.

ئیمام ی ابن جرير الطبري رحمه الله تعالى لە ئیمام عليٍّ رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە کەفەرموویەتی : (إن في كتاب الله عز وجل لآيةً ما عمل بها أحد قبلي، ولا يعمل بها أحد بعدي: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً} [المجادلة: 12] قال: فُرِضت، ثم نُسخت)

ئایەتێک هەیە لەقورئان نەکەس پێش من کاری پێکردووە نەکەس پاش من کاری پێ ئەکات ئەویش ئەوئایەتەیە (ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! کاتێ ویستتان چپەیەک و قسەیەکی نهێنی لەگەڵ پەیامبەردا ﷺ بکەن ئەبێ پێش ئەو چپەیەتان صەدەقەیەک و خێرێک بکەن) فەرز بوو پاشان سڕایەوە

جۆرەکانی نەسخ

١- نەسخ ی ئایەت وحوکم پێکەوە

واتا ئایەتەکە وحوکمەکەشی پێکەوە ئەسرێتەوە جائیزنیە وەک عیبادەت بخوێنرێتەوە وکاری پێ بکرێت.

نمونەش ئەوەیە ئیمام ی مسلم گێڕاویەتیەوە لەدایکە عائیشە فەرموویەتی : (کان فیما أنزل من القرآن عشر رضعات معلومات يحرمن، ثم نسخن بخمس معلومات)

لەوشتاتەی لەقورئان دابەزین دەجار شیرپێدان بوو بۆ بون بەمەحرەم پاشان الله تعالى سریەوە بەپێنج جار شیرپێدان پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد .(واتا هەم دەقی ئایەتەکە وهەم حوکمەکەشی سڕاوەتەوە)

٢- نەسخ بونی خوێندنەوەی بەڵام مانەوەی حوکمەکەی.

نمونەش ئەوەیە کەئیمام ی عومەر ڕەزای الله ی لێ بێت ئەفەرموێت (إن

الله بعث محمدًا ﷺ بالحق، وأنزل عليه الكتاب، فكان فيما أنزل عليه آية الرجم، فقرأتها وعقَلتها ووعيتها، ورجم رسول الله ﷺ، ورجمنا بعده فأخشى إن طال بالناس زمان أن يقول قائل: ما نجد الرجم في كتاب الله، فيضلوا بترك فريضة أنزلها الله تعالى؛ فالرجم على من زنى إذا أحصن من الرجال والنساء إذا قامت به البينة ، أو كان الحبل ، أو الاعتراف، وقد قرأتها: "الشيخ والشيخة إذا زنيا فارجموهما ألبتة نكالاً من الله، والله عزيز حكيم)

واتا الله تعالى محمد ﷺ بەهەق ڕەوانەكرد وكتێب ی بۆدابەزاند لەوانەی كەبۆی دابەزی ئایەتی ڕەجم ە خوێندمەوە ولێی تێگەشتم ولەبەرم كرد و پێغەمبەریش ﷺ ڕەجم ی جێ بەجێكرد و ئێمەش لەپاش ئەو جێ بەجێمان كرد ئەترسم كاتێكی زۆر بەسەر خەڵكیدا تێپەڕێت وكەسێک بڵێت ئایەتی ڕەجم لەكتاب ی الله نابینین واز لەجێ بەجێكردنی بهێنن بەوشێوە گومڕابن ڕەجم بۆئەوكەسەیە كەهاوسەرگیری كردبێت

لەپیاوان وئافرەتان کاتێ بەبەڵگەوە لەسەری بچەسپێت یان دووگیان ببێت یان خۆی دانی پێ بنێت من خوێندمەوە لەقورئان دابەزی بوو (پیاو وژنێک کەهاوسەرگیریان کردبێت ئەگەر زینایان کرد ڕەجمیان بکەن وەک سزایەک لەلایەن الله تعالی وە) [متفق علیه]

بە چوار مانگ و دە رۆژ خۆ ئەگەر بەویستی خۆیان دەرچوون، (دیارە مافی خەرجییان نامێنێ) و گوناحێکیش لەسەر ئێوە نییە سەبارەت بەهەر کارێکی الله پەسەندوو شیاو بۆ خۆتان دەیکەن (ئەگەر دوای عیددەش خۆیان پیشان بەن بۆ شووکردن بۆ ئەوەشیان بۆ هەیە) الله تعالی بالادەست و کارجوان و کاردروستە بیەوێ هەر شتێ بکا ئەیکات و هەموویشی خێرە.

ئەمەش لەوئایەتانەی حوکمەکەی سڕاوەتەوە بەڵام لەفزەکەی ماوەتەوە.

٣- سڕانەوەی حوکمی ئایەتەکە ومانەوەی دەقی ئایەتەکە

نمونەش ئایەتی { وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا وَصِيَّةً لِأَزْوَاجِهِمْ مَتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِي أَنْفُسِهِنَّ مِنْ مَعْرُوفٍ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ } [البقرة: 240].

ئەو کەسانە لە ئێوە لەسەرە مەرگدان وئەمرن وژنەکانیان دوای خۆیان بەجێ ئەهێڵن با پێش ئەوەی گیانیان دەربچێ ڕاسپێرن و وەصیەت بکەن کە ژنەکانیان ئەگەر ویستیان تاماوەی ساڵێک دەرنەکرێن و هەر لەجێی خۆیان بمێننەوەو خەرجیان بەن

لەسەرەتای هاتنی ئیسلام ژنی مێردمردو ئەبوو بەو شێوە رەفتاری لەگەڵ کرابا بەلاَم دوایی هەر بەئایەتی (٢٣٤)ی ئەم سورەتە ئەو بڕیارو حوکمە سڕایەوەو گۆڕا

چی کـاتێ نـەسخ ڕووئەیات واتـا ئەوترێ ئەم دەقـە سڕاوەتەوە ؟

کاتێک کەلەنێوا ن دوو دەقی شەرعی نەتوانرێت جەمع بکرێت ئەگەر توانرا هەرد وو دەقـ ەکە پێکە وە کۆبکـ ڕێنەوە ئەوا نەسخ ڕووی نەیـ اوە وئەتوا نرێت کار بەهە ردوو دەقـ ەکە بـ کرێت بـ ەلا م کە نەتو انرا هەردوو دەقەکە پێکەوە کۆبکرێنەوە ئەوا نەسخ ڕوو ئەیات ئەمەش بەزانینی ئەوەی ئایا کام لـەم دوو دەقە شەرعیە کاتەکەی درەنگتر هاتوە ئەمەش بەدەقێکی تری شەرعی ئەزانرێت یان بەهەواڵی هاوەڵێک یان بەمێژوو

نمونەیەک لەوەی کەبەدەق ئەزانرێت ئەم دەقە شەرعیە دوواتر هاتوە و دەقەکەی پێش خۆی ئەسڕێتەوە وەک ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کەفەرمووی : (كنتُ أذنت لكم في الاستمتاع من النساء، وإن الله قد حرم ذلك إلى يوم القيامة)

من پێشتر ڕێگەم یابون بەموتعەکردن لەگەڵ ئافرەت بەلاّم الله تعالی حەرام ی کرد تا ڕۆژی قیامەت.

وەهەروەها فەرمووەدەی ﷺ: (كنتُ نهيتكم عن زيارة القبور، فزوروها؛ فإنها تذكِّر الآخرة). [مسلم: 977]

پێشتر نەهیم لێکردن لەسەردانی گۆڕ بەڵام سەردانی بکەن چونکە قیامەتان بیر ئەهێنێتەوە.

کەواتا لەناوخودی ئەم دەقە شەرعیە بۆمان دەرکەوت ئەم دەقە درەنگتر هاتوە و دەقەکەی پێش خۆی لەرێگەدان بەموتعە سرپەوە

نمونەی زانینی نەسخ بەهەواڵی صەحابە وەک وتەکەی دایکەی عائیشە رەزای اللە ی لێ بێت کەفەرمووێ : (كان فيما أنزل من القرآن عشر رضعات معلومات يحرمن، ثم نسخن بخمس معلومات) [الأصول من علم الأصول: 53]

پێشتر ئەوەی لەقورئان دابەزی بوو دە جار شیر پێدان ئە بوو بەهۆی مەحرەم بوون پاشان نەسخ بویەوە بەپێنج جار شیرپێدان .

زانینی نەسخ بەپێی مێژوو (بەروار) نمونەی فەرموودەکەی شدادی کوڕی أوس رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (أفطر الحاجم والمحجوم) ئەوەی کەڵەشاخ ئەکات وئەوەشی بۆی ئەکات ڕۆژوەکەیان شکاوە

بەڵام ابن عباس ڕیوایەتی ئەکات ئەفەرموێت : (أن النبي ﷺ احتجم وهو صائم) پێغەمبەر ﷺ کەڵەشاخ ی کرد لەکاتێکدا بەڕۆژوو بوو.

ئیمام ی شافعی ئەفەرموێت ڕیوایەتەکەی ابن عباس ڕیوایەتەکەی شەداد ئەسڕێتەوە چونکە شەداد کاتێ ئەو ڕیوایەتەی گێڕاوەتەوە لەگەڵ پێغەمبەر بوو ﷺ لەکاتی فەتح کردنی مەککە بینی پیاوێک کەڵەشاخ ئەکات لەمانگی ڕەمەزان پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی (أفطر الحاجم والمحجوم)

بەلا م لەڕیوایەتەکە ی ا ب ن عبا س ئەو ە گێڕدراوەتەو ە کەپێغەمبەر ﷺکەڵەشـ ا خ ی ک رد کەلەئیحرام دا ب وو بەڕۆژ وش ب وو ئەم ەش ئەوە د ەرەخات ڕیواي ەتەکەی شەداد لەکاتـ ی ف ەتح ی مەککە باسکراوە کەئەکاتە ساڵی هەشت ی کۆچی بەلام ڕیوایەتەکەی ابن عباس کەپێغەمبەر ﷺ لەئیحرامدابوە و بەڕۆژووش بووە واتا کاتی حەجی ماڵئاوای بووە لەساڵی دەی کۆچی [مقدمة ابن الصلاح: النوع الرابع والثلاثون]

کەواتا بەپێی بەروار زانرا کام دەقەیان نەسخ ی دەقەکەی تر ئەکات تێبینی (مسائيل ی تەوحید داخلی ناسخ ومەنسوخ نابێت) [إرشاد الفحول2/55]

کەواتا نەسخ بەدەلیل ی شەرعی ڕووئەیات لەکاتێکدا کەنەتوانرێت جەمع ی نێوان دوو دەق بکرێت

ئیمامی ابن حزم رحمه الله تعالی ئەفەرمویێت : (لا يحلُّ لمسلم يؤمن بالله واليوم الآخر أن يقول في شيء من القرآن والسنة: هذا منسوخ إلا بيقين)

دروست نیه بۆهیچ موسڵمانێ بڕوای بەالله و ڕۆژی دووایی هەبێت دەربارەی قورئان وسونەت بڵێت ئەمە مەنسوخە تەنها بەیەقین نەبێت

لأن الله عز وجل يقول { وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّه وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ جَاءُوكَ فَاسْتَغْفَرُوا اللَّه وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُوا اللَّهَ تَوَّابًا رَحِيمًا } [النساء: 64]

چونکەالله تعالی فەرموویەتی هەرکەسێکمان بە پەیامبەرێتی ناردبێت تەنها بۆ ئەوە بووە کە ئەبێ بەفەرمانی الله گوێرایەڵیی لێ بکرێ خۆئەگەر ئەو دووڕوانە کاتێ ستەمیان لەخۆیانکرد بەوە کێشەکانیان بردەوە بۆ لای طاغووتەکان هاتبنایە لای تۆ ئەی موحەممەد ﷺ و داوای لێبوردونیان لە

الله كردبا تۆش داواى لێبوردنت بۆ كردبان بێگومان الله تعالى يان به تەوبه وەرگرو میهرەبان دەست ئەكەوت.

وقال تعالى: { قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ } [الأعراف : ٣٢]

بڵێ كێیه ئەوكەسه وا قەدەغەى جوانیەكانى الله تعالى كەبەخشیویەتى بەبەندەكانى بڵێ ئەو زینەت و جوانیه بۆ ئەو كەسانەیه كه لەم ژیانى دونیایەدا باوەڕیان هێناوه بەڵام لەڕۆژى دواییدا تەنها تایبەته بەئیماندارا ن هه روه ک حه لا ڵ و حەراما ن بۆ باسكرد ن هەر ئاوایش بەڵگەكانى خۆمان بۆ خەڵكێكى زاناو تێگەیشتو ڕوون ئەكەینەوه هەتا بەهەڵه رەفتار نەكەن.

فكل ما أنزل الله تعالى في القرآن أو على لسان نبيه ففرضٌ اتباعُه، فمن قال في شيء من ذلك: إنه منسوخ فقد أوجب ألا يطاع ذللك الأمر

وأسقط لزوم اتباعه، وهذه معصية لله تعالى مجردة، وخلاف مكشوف، إلا أن يقوم برهان على صحة قوله، وإلا فهو مفترٍ مبطِل

هەرشتێ الله تعالى دایبەزاندبێت لەقورئان یان لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ شوێنکەوتنی فەرزە هەرکەس بەشتێ لە دابەزێنراوەکەی الله بلێت ئەم دەقە سڕاوەتەوە ئەوا بەواجب ی داناوە شوێن ئەو دەقە نەکەوێت وە پەکی خستوە شوێنکەوتن بۆئەو دەقە ئەمەش سەرپێچیەکی ڕوون وئاشکرایە بۆالله تعالى ئیلا مەگەر ئەوکەسە لەوتەکەیدا بەڵگەی هە بێت بۆ بەڕاست خستنە وەی قسە کەی خۆی ئەگینا بەباتڵ بەناوی الله وە قسەی هەڵبەستوە

ومن استجاز خلاف ما قلنا، فقوله يؤُول إلى إبطال الشريعة كلها؛ لأنه لا فرق بين دعواه النَّسخ في آية ما أو حديث ما وبين دعوى غيره...

فعلى هذا لا يصحُّ شيء من القرآن والسنَّة، وهذا خروج عن الإسلام

هەرکەس ێ پێچەواد ەی ئەو ەی باسمانک ڕد بەجائیـ زی بزاد ێت ئەوا قسەکەی سەرەکێشێت بۆ پوچەڵکردنەوەی هەموو شەریعەت چونکە جیاوازی نیە لەنێوان بانگەشەکردنی کەسێ بۆسڕینەوەی دەقی ئایەتێک یان فەرموودەیەک لەگەڵ بانگەشەی کەسانی تر لەغەیری خۆی بەوێ ئەوەبێت کەهەرکەس بەتێگەشتن خۆی حوکم ی شەرع بسڕێتەوە ئەوا هیچ دەقێ لەکتاب وسونەت بەڕاست دانانرێت ئەمەش دەرچونە لەئیسلام

وکل ما ثبت بيقين فلا يبطُلُ بالظنون، ولا يجوز أن تسقط طاعةُ أمرٍ أمَرنا به الله تعالى ورسوله إلا بيقين نسخ لا شك فيه

وەهەرشتێ بەیەقین جێگیربوو پوچەڵ نابێتەوە بەگومان وە دروست نیە فەرمانێک الله تعالى ورسولەکەی ﷺ فەرمانیان پێکردوون پەکی بخەین تەنها بەنەسخ ی یەقین نەبێت کەهیچ گومانێکی تێدانەبێت . [الإحكام لابن حزم 4/484]

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ